ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات ئەوا با دەستی لەسەر دەمی دابنێت، چونکە شەیتان دەچێتە دەمیەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات ئەوا با دەستی لەسەر دەمی دابنێت، چونکە شەیتان دەچێتە دەمیەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونی دەکات بە دانانی دەست لەسەر دەم وداخستنی دەرهەق بە ئەو کەسەی کە باوێشك دەدات ودەمی دەکاتەوە بەهۆی تەمەڵی یان هەر هۆکارێکی تر، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوا بە کراوەیی دەمێنێتەوە وشەیتان دەچێتە ژوورەوە، بۆیە دانانی دەست لەسەر دەم دەبێتە ڕێگر لە چوونە ژوورەوەی شەیتان بۆ نێو لاشە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5280